## بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان
## بەناوی گەلەوە
## ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق

پشت بە حوکمی بڕگە (1)لە ماددەی (56) لە یاسای ژمارە (1)ی سالّی (1992) هەموارکراو و، لەسەر خستنەڕووی ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق، ئەنجومەن لە دانیشتنی ڕۆژی (2006/1/24) بڕیاری دا ئەم یاسایەی خوارەوە دابنێت:

**یاسای ژمارە (2) بۆ سالّی 2006**

**یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عیراق**

**مادەی یەکەم:**

ماددەی (یەکەم) لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە(1) بۆ سالّی 2005 هەمواردەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

1- هەرێمی کوردستانی عێراق سەرۆکێکی دەبێت پێ ی دەوترێت سەرۆکی هەرێمی کوردستان وخۆی سەرۆکی بالأی دەسەلأتی جێبەجێ کردن و فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستانە.

2- سەرۆکی هەرێم جێگرێکی دەبێت هاوکاری دەکات لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی و لەکاتی ئامادەنەبوونی دا جێگەی ئەو دەگرێتەوە و هەرخۆشی جێگری فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەیە.

3- سەرۆکی هەرێم هەندێك لە ئەرك و دەسەلأتەکانی خۆی بەجێگرەکەی خۆی دەدات.

**مادەی دووەم:**

بڕگەی ( دوازدەم) لەماددەی (دەیەم)ی ئەم یاسایەدا هەمواردەکرێت وە بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

( دووای دەستنیشانکردنیان لە لایەن ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان سەرەك وەزیران و جێگرەکەی رادەسپێرێت بە پێکهێنانی وەزارەت ئەویش لەماوەی سی ڕۆژ لە مێژووی راسپاردنەکەیانەوە)

**مادەی سێیەم:**

ماددەی ( یازدەم)ی یاساکە هەمواردەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە.

( مووچەو دەرماڵەی سەرۆکی هەرێم و جێگرەکەی بەیاسا دیار دەکرێت).

**مادەی چوارەم:**

ماددەی سیازدەی یاساکە هەڵدەوەشێندرێتەوە.

**مادەی پێنجەم:**

ماددەی چواردەمی یاساکە هەڵدەوەشێندرێتەوە.

**مادەی شەشەم:**

لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم یاسایە جێبەجێ دەکەن.

**مادەی حەوتەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچواندنیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی( وەقایعی کوردستان) بلاودەکرێتەوە.

**عەدنان رەشاد موفتی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**

**کوردستان ـ عیراق**